# شا گۆستاڤی سێیەم، پاشایەکی شانۆکار

د. فازڵ جاف
(سوێد)

پاشای سوێد گۆستاڤی سێیەم، لە ساڵی ١٧٤٦ لەدایک بووە و لە ساڵی ١٧٩٢ کۆچی دوایی کردووە. هەر لە منداڵییەوە بە وانەکانی هونەر و ئەدەب و هزر و فەلسەفەی فەرەنسی پەروەردە کراوە. گۆستاف لە منداڵی و گەنجێتیدا ڕوح و زەینی ئالوودەی هونەر بووبوو، بێ ئەندازە کاریگەری دایکی لەسەر بووە، بەتایبەتی کە ئەویش هەواداری ئەدەب و هونەر بوو. گۆستاڤ لە هەردوو بواری ئەدەب و شانۆدا منداڵێکی بەهرەدار بوو.

لە سەردەمی گۆستاڤدا ئاغاکان (دەرەبەگە نۆبڵەکان) تەواو لە ژێر کاریگەرێتیی کولتووری فەرەنسیدا بوون، زۆر لە سوێدییەکانیش، وەک گۆستاڤی سێیەم، بە باشی فەرەنسییان دەزانی. گۆستاڤی سێیەم لە تەمەنی چوار ساڵییەوە تا تەمەنی هەشت ساڵی، وانەی لەلای پارێزگارێکەوە (کارل گۆستاف تێسین) خوێندووە، کە لە بواری کولتووردا یەکێک لە کەسایەتییە پێشەنگەکانی سوێد بوو.

هێشتا لە تافی مێردمنداڵیدا بوو، کە وانەی ئەخلاقی دەخوێند و بەباشی فێری زمانی فەرەنسی بووبوو، هاوکات لە بواری هونەریشدا بەردەوام وانەی دەخوێند، بێجگە لە هەموو ئەمانە، گۆستاڤی سێیەم مامۆستای تایبەتی مێژووی هەبوو، بەگشتی سەرجەم بابەتەکانی فەرەنسی، مێژوو، بیرکاری، ئەخلاق، سروشت، یاسای گشتی و نێودەوڵەتی خوێندبوو. لە ساڵی ١٧٦٢ـەوە کە خوێندنی فەرمی تەواو کرد، بەشداری لە چالاکییە جۆراوجۆرەکانی کولتوور دەکرد، لەوانە وتار خوێندنەوە بە دەنگی بەرز و بەشداریکردن لەو نمایشەنەدا کە لەلایەن ئەکتەرە ئارەزوومەندەکانەوە پێشکەش دەکران، بەڵام دواتر توانی بەشداری لەو نمایشە فەرەنسییانەدا بکا کە لەلایەن ئەکتەرە پیشەمەندەکانەوە پێشکەش دەکران، زۆربەی ئەو نمایشانە لەلایەن گرووپی فەرەنسییەوە پێشکەش دەکران، ئەو گرووپە شانۆییانە شاژن ئۆلریکای دایکی گۆستاڤ لە هەموو وەرزەکاندا بانگهێشتی ستۆکهۆڵمی دەکردن.

گۆستاڤ نەک تەنیا وەک ئەکتەر ڕۆڵی گێڕاوە، بگرە وەک دەرهێنەریش نمایشسازی بۆ چەندان شانۆنامە کردووە.

گۆستاف یەکێک بوو لەو پاشایانەی سوێد کە

زۆرترین بەشداری لە بزاڤی ڕۆشنبیریدا کردووە و پەرەی بە هونەر و ئەدەبی سویدی داوە. وەک شانۆنامەنووس و ئەکتەر و دەرهێنەریش چالاکانە بەشداری لە ڕەوتی شانۆی سەردەمەکەی خۆی کردووە. ئەو پێی وابوو شانۆ سەلیقە و زەین و کەسایەتیی مرۆڤەکان دەگۆڕێ، هەروەها گەشە بە کولتوور و زمانی سویدی دەدا و دەیپاڵێوێ.

یەکەم ئۆپێرا کە بە زمانی سویدی نمایش کرا، لە ساڵی ١٧٧٣ بوو، لە هەمان ساڵدا گۆستاڤی سێیەم ئۆپێرای شاهانەی لە شاری ستۆکهۆڵمدا دامەزراند.

گۆستاڤ بە سۆزێکی لە ئەندازە بەدەر حەزی لە ئۆپێرا بوو، بەڵام بە هەمان ئەندازە شەیدای شانۆش بوو. لە ساڵانی نێوان ١٧٨١ بۆ ١٧٩٢ شانۆیەکی فەڕەنسی زمان لە ستۆکهۆڵم لە برەودا بوو، بەڵام گۆستاڤی سێیەم دەیویست شانۆیەکی سویدی زمان بنیاد بنێ. لە ساڵی ١٧٨٧دا شانۆی دراماتیکی سویدی وەک کۆمپانیایەکی سەربەخۆ بەڕێوە دەچوو، ئەوجا لەبەرئەوەی باری دارایی کۆمپانیاکە لاواز بوو، شا گۆستاڤ ئەم شانۆیەی خستە ژێر ڕکێفی بەڕێوەبەرێتی و کارگێڕیی دەوڵەت و ناوی لێ نا شانۆی دراماتیکی شاهانە، کە شانۆی نەتەوەیی ئێستای سویدە و کورتکراوەکەی دەکاتە (دراماتن). ئەوەی جێی ئاماژەیە ئەوەیە کە شا گۆستاڤ خۆی ڕاستەوخۆ سەرپەرشتیی شانۆی نەتەوەیی دەکرد و گرنگی بە کارە تەکنیکییەکانی دیکۆر، جلوبەرگ و ڕووناکی دەدا، تەنانەت سەرپەرشتی هەڵبژاردنی ئەکتەرەکان و کاروباری نواندنیشی دەکرد.

شا گۆستاڤ دەیویست دراماتن شانۆنامەی سویدی نمایش بکا، واتە شانۆنامەیەک کە بە سویدی نووسرابێ، بەڵام لەبەر ئەوەی نەیتوانی نووسەرێکی باش بۆ ئەو ئەرکە بدۆزێتەوە، بەناچاری لە پاییزی ساڵی ١٧٨٢دا دەچێتە قەڵای گریپسهۆڵم، هەر لەوێدا خۆی پێنج شانۆنامە دەنووسێ. شانۆنامەکان دەربارەی ئەو پاشا سویدییانە بوون، کە خۆی پێیان سەرسام بوو، وەک گۆستاڤ ڤاسا و گۆستاڤی دووەم ئەدۆلف.

شاگۆستاڤ بۆ نمایشکردنی ئەم شانۆنامانە پێویستی بە ئەکتەری باش بوو، ئەو ئەکتەرانەشی لە دەرەوەی سوید دۆزییەوە و بۆ وڵاتەکەی بانگهێشتی کردن، هاوکات ئەکتەرەکان میوزیسیانیش بوون. سەرەتا شانۆنامەکانی لەلایەن ئاماتۆرەکانەوە (ئارەزوومەندان) پێشکەش کران، بەڵام دواتر خۆی ژانرێکی نوێی هێنایە کایەوە، ئەوەش لە نێوان نواندنی جیددی و کۆمیدی موتوربەکردنێک بوو، کە بابەتەکانی لە مێژووی سویدەوە سەرچاوەیان دەگرت. شانۆنامە فەڕەنسییەکانی وەک مۆدێل بەکار هێنا و درامایەکی سویدی لەسەر بناغەی شانۆی کلاسیکی فەڕەنسی پێکهێنا، ئەمەش تا دەهات لەلای خەڵک برەوی پەیدا دەکرد.

ڕاستییەکەی ئەو یەکەم کەس بوو کە شانۆی سویدی دامەزراند، ئەوەبوو بەرهەمەکان لەو شانۆیانەدا بەردەوام نمایش دەکران کە لە ناو قەڵا بەناوبانگەکانی سویددا هەبوون، وەکوو شانۆی قەڵای گریپسهۆڵم و شانۆی قەڵای درۆتنینهگۆڵم نمایش دەکران.

لە نمایشی شانۆی قەڵاکاندا دەمامکپۆشین و ئاهەنگگێڕان بەڕێوە دەچوو، کەسایەتییە شاهانەییەکان و پایەدارانی مەملەکەت ڕۆڵی سەرەکییان تێدا دەگێڕا. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە ئەو جلوبەرگانەی لە شانۆکاندا بەکاردەهێنران، موڵکی تایبەتی گۆستاڤ پاشا خۆی بوون.

پێش لەدایکبوونی گۆستاڤی سێیەم، دابونەریتی نمایش و ئاهەنگگێڕان و دەمامکپۆشین لە قەڵاکاندا سەری هەڵدابوو، بەشێکی ئەم دەستپێشخەرییە بۆ شاژن ئولریکای دایکی گۆستاڤ دەگەڕێتەوە کە وای پەروەردە کردبوو ببێت بە کەسێکی ڕۆشنبیری شانۆکار.

گۆستافی سێیەم خۆی تەنیا بۆ ئۆپێرا و شانۆ تەرخان نەکردبوو، بەڵکوو مۆڵەتی دامەزراندنی ئەکادیمیای شاهانەی مۆسیقای لە ساڵی ١٧٧١ دا وەرگرتبوو، مەبەست لە دامەزراندنی ئەم ئەکادیمیایە بۆ ئەوە بوو ببێ بە دامەزراوەیەکی پەروەردەیی و تێیدا پەرە بە هونەری موزیک و بە چێژی مۆسیقای بدرێ ، هەروەها لێکۆڵینەوە و توێژینەوە دەربارەی هونەر و زانستی مۆسیقا و ئۆپێرا بکرێ. جێی ئاماژەپێدانە بێجگە لە ئیتاڵیا، لە سەرانسەری ئەوروپای ئەو سەردەمەدا، دامەزراوەیەکی هاوشێوەی ئەو ئەکادیمیایە نەبووە، ئەمە پاشتر ئۆپێرای شاهانەی سوێدی لێکەوتەوە، کە شاگۆستاف پێی وابوو ئەم کارەی ئەرکێکی نەتەوەییە و هونەری ئۆپێرا دەتوانێ سوێدییەکان کۆبکاتەوە، بەم کارەش گیانی نیشتمانپەروەرێتی و نەتەوایەتی لە سوێددا جۆش دەدا.

بۆ ئۆپێرای شاهانە شا گۆستاف پێویستی بە ئاوازدانەری لێهاتوو و کارامەی سوێدی بوو، نەک ئاوازدانەرانی ئەوروپایی، بەڵام بە هۆکاری ئەوەی لە سوێد نەیتوانی ئاوازدانەری باشی دەست بکەوێ، بۆیە بە مەبەستی بەدەستهێنانی پسپۆڕێتی لە ئاوازدانانندا (جۆزێف مارتین کراوس) ی ڕەوانەی دەرەوەی وڵات کرد. جۆزێف مارتن کراوس میوزیسیانێکی بە ڕەچەڵەک ئەڵمانی بوو، لە ساڵی ١٧٧٨ هاتبووە سوێد و هاوکاری شاگۆستاف لە کارێکی ئۆپێرادا پێکەوە کاریان کردبوو. شاگۆستاف بۆ گەشتێکی پێنج ساڵە (کراوس)ی بۆ ئەوروپا نارد، بۆ ئەوەی فێری ئاوازدانان بێ. گۆستافی سێیەم تێچووی ئەم گەشتەی گرتە ئەستۆ. کراوس دوای پێنج ساڵ بۆ ستۆکهۆڵم گەڕایەوە و یەکسەر لە ئەکادیمیای شاهانەی مۆسیقا دەست بەکار بوو، کراوس لەم نێوەندەدا هەردوو کۆمپۆزەری جیهانی، هایدن و سالییێری ناسی.

جاک ماری بوتێت دی مۆنڤێل کە لە ساڵی ١٧٨١ لە پاریس شانۆی دروست کرد، لەلایەن شا گۆستافی سێیەمەوە بانگهێشتی ستۆکهۆڵم کرا، بۆ ئەوەی نمایش لە کۆشکی شاهانەدا پێشکەش بکا. گۆستافی سێیەم پاش ئەوەی لە ساڵی ١٧٧٣ شانۆی شاهانەی لە ستۆکهۆڵم دروست کرد، ئەوجا ویستی کولتوورێکی شانۆ دابمەزرێنێ، بۆیە تیپە ئۆپێرا فەڕەنسییەکانی دوورخستەوە، کە دوو دەیە لە سوێد ئۆپێرایان نمایش دەکرد. هەر لەو سەروبەندەدا گۆستافی سێیەم بڕیاری دا تیپێکی سوێدی دروست بکات و ئۆپێرا سوێدییەکان لە ئۆپێراخانە نوێیەکەیدا نمایش بکرێن. پاشا کورسییەکی تایبەتی خۆی لە ئۆپێراکەدا هەبوو، لە ڕیزی یەکەم لە ناوەڕاستی ڕیزەکەدا دادەنیشت، نزیکەی دە ساڵ چێژی لەو ئۆپێرا و بالێیە وەرگرت کە خۆی دروستی کردبوو، ئەمە پێش ئەوەی لە ئاهەنگێکی ماسکپۆشیندا، هەر لە ئۆپێراکەدا، لە ١٦ی ئازاری ١٧٩٢ تیرۆر بکرێ و لە ٢٩ی ئازاری هەمان ساڵدا کۆچی دوایی کرد.

ئەو جلوبەرگانەی لە کاتی کوژرانیدا کە بۆ ماسکپۆشین لەبەری کردبوون، ئێستا لە Livrust-kammaren دانراوە.

لە ساڵی ١٧٨٦دا گۆستافی سێیەم ئەکادیمیای سوێدی دروست کرد، کە ئێستا ساڵانە خەڵاتی نۆبڵ لە ستۆکهۆڵم دەبەخشێ.

یەکێک لە کۆنترین موزەکانی ئەوروپا موزەی گۆستافی سێیەمە، کە دەکەوێتە ناو قەڵای ستۆکهۆڵم، تا ئەمڕۆش بەڕووی خەڵکدا کراوەیە. ئەو پەیکەر و کاڵا هونەرییانەی لە کاتی گەشتێکی بۆ ئیتاڵیا، لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەمدا کۆی کردوونەتەوە، تاکوو ئێستاش لەو موزەیەدا پارێزراون.

لە سەردەمی گۆستافدا، لۆرد و ئاغا و شازادەکان لە ئیتاڵیا گەشتیان دەکرد و بەدوای کەلوپەلی هونەریدا دەگەڕان و دەیانکڕی و دەیانبردەوە بۆ

وڵاتەکانیان. گۆستاڤی سێیەم لە ساڵانی ١٧٨٣-١٨٧٤ گەشتێکی لەو شێوەیەی کرد، ڕێبەرەکەشی لە ڤاتیکان خودی پاپا (پیۆسی شەشەم) بوو.

لە ساڵی ١٧٨٦دا گۆستاڤی سێیەم ئەکادیمیای سوێدی دامەزراند کە مۆدێلی ئەکادیمیای فەرەنسی بوو، تا ڕادەیەکی زۆر خۆی یاساکانی بۆ ئەکادیمیاکە نووسی. ئەندامانی ئەکادیمیای سوێدی لەسەر "پوختکردن و بەهێزکردن و بەرزراگرتنی" زمانی سوێدی کاریان دەکرد، بۆ ئەم مەبەستەش ساڵانە پێشبرکێی لە بواری ڕیتۆریک (ڕەوانبێژی) و شیعر و بابەتگەلی ئەدەبی و زمانەوانی جۆراوجۆر ڕێک دەخست.

## پاشایەکی شانۆ لەسەر شانۆ

دەربارەی ژیان و هونەری گۆستاڤی سێیەم چەندان شاکاری ئەدەبی نووسراون و بەرهەم هێنراون، کە لەم وتارەدا تەنیا ئاماژە بە دووانیان دەدەم:

**یەکەم:** ئۆپەرێتی (ئاهەنگی دەمامکپۆشین)ی کۆمپۆزەری سیمفۆنی بەناوبانگی ئیتاڵیا جۆزێف ڤێردییە، کە بەهەندێک دەستکارییەوە پێشکەشی کرد.

**دووەم:** شانۆنامەی (گۆستاڤی سێیەم)ی (ئۆگست ستریندبێرگ)ـە. ئەم شانۆنامەیە پێگەیەکی تایبەتی لە نێو شانۆنامە مێژووییەکانی (ستریندبێرگ)دا هەیە، هەر بۆیە لە هەموویان پتر نمایش کراوە، گەلێک لە ئەکتەرە لێهاتووەکانی سوێد ڕۆڵی گۆستاڤی سێیەمیان لە سەر شانۆ گەورەکانی سوێددا گێڕاوە.

ئۆگست ستریندبێرگ شانۆنامەی گۆستاڤی سێیەم"ی لە ساڵی ١٩٠٢ نووسیوە، ئەم شانۆنامەیە تیشک دەخاتە سەر ڕووداوی تیرۆرکردنی شا گۆستاڤ لە کاتی ئاهەنگی دەمامکپۆشیندا.

شانۆنامەکە بە وێناکردنی کەسایەتیی شا گۆستاڤی سێیەم دەست پێدەکا، ستریندبێرگ پاشا وەک کارەکتەرێکی ئاڵۆز پیشان دەدا، هەر لە خواستی کەسییەوە تا دەگاتە خواستی چاکسازی.

چیرۆکی شانۆنامەکە پیلانی تیرۆرکردنی پاشا ئاشکرا دەکا، بە سەرۆکایەتی کەسانێک کە دژ بە سیاسەتی گۆستاڤن. لە هەمان کاتدا پاشا وەک کارەکتەرێکی خاوەن بەهای مرۆییانە وێنا دەکرێ، ئەمەش لە ئاخاوتن و وتەکانی گۆستاف- دا دەردەکەوێ، کە چۆن بەسادەیی و بێ پێچوپەنا گوزارە لە هزر و هەستەکانی خۆی دەکا.

لە کۆتاییدا ئەو دیدارە چارەنووسسازە دێتە ناو شانۆی شاهانە، لەوێ پاشا لە ئاهەنگێکدا کە هەموان ماسکیان پۆشیوە، لەلایەن پیلانگێڕانەوە تیرۆر دەکرێ. ئەو کەسەی کە پاشا دەکوژێ، کەسێکە بە ناوی ئەنکسترام، لە پاشا نزیک دەبێتەوە، کە ئەویش ماسکی پۆشیوە، دەمانچەکەی دەردێنێ و بە پاشا دەڵێ: سڵاو ماسکە جوانەکە و تەقەی لێ دەکا و دەیکوژێ.

شانۆنامەکەی ستریندبێرگ ئاوێنەیەکی باڵانوێنی سەردەمی گۆستاڤی سێیەمە، بە هەموو ئەو پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییە ئاڵۆزانەی ئەو سەردەمەی وڵاتی سوێد، هاوکات ناکۆکی و گرژییەکانی نێوان چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی سوێدی پاش ساڵانی ١٩٠٠یش وێنا دەکا، کە دەکاتە چەند ساڵێک بەر لە یەکەمین جەنگی جیهان.

**سەرچاوە:**


Marika V Lagercrantz: GUSTAF III August Strindberg Ingår i Samlade dramatiska arbeten 2 Tryckår 1903

Kungahuset.se om Gustav IIIs paviljong i Haga där han bodde

Kungliga Slotten, hemsida om Sveriges kungliga slott

Livrustkammaren, där hans kläder från operan den kvällen han mördades kan ses

Lars Fimmerstad: Ur Stockholms historia

Riksarkivet.se där den politiska delen av hans liv behandlas